# بەندی ٣

## یاریزانان

ئەگەر یاریزانێک لەلایەن داوەرەوە ڕێگەی پێدرابوو بچێتە دەرەوەی یاریگا ، بەبێ ئەوەی ئاڵوگۆڕ بکرێت لەگەڵ یاریزانێکی تر ، هاتەوە ناویاریگا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە یەکێک لە داوەران یان داوەری سێیەم و سەرپێچییەکی کرد کە ببێتە هۆی وەرگرتنی کارتی زەرد ، یاریزانەکە دەبێت دەربکرێت بەهۆی ئەنجامدانی دوو سەرپێچی (وەرگرتنی دوو کارتی زەرد) ، بۆ نموونە ؛ ئەگەر یاریزانێک هاتەوە ناو یاریگا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە یەکێک لە داوەران و ڕووبەڕووی یاریزانی بەرامبەر ببێتەوە بە شێوەیەکی توند و هێزی لە ڕاددەبەدەری بەکارهێنا ئەوا یاریزانەکە دەردەکرێت ڕاستەوخۆ بەکارتی سوور .

ئەگەر یاریزانێک بە ڕێکەوت هێڵی تەنیشت یان هێڵی گۆڵی یاریگا ببڕێت یان یاریگا جێبێڵێت وەک بەشێک لە یاریکردن ئەوا بە سەرپێچی هەژمار ناکرێت .

### ئاڵوگۆڕین

**ئەگەر یاریزانی یەدەک هاتە ناو یاریگا بەبێ گوێدانە ڕێنماییەکانی کاری ئاڵوگۆڕین یان ببێتە هۆکاری هەبوونی یاریزانی زیادە لە تیپەکەیاندا ، داوەران ، هاوکاریکران لەلایەن دەستەی داوەران ، دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەن :**

- **یاری دەوەستێنرێت ، ڕاستەوخۆنا ئەگەر توانرا یاسای سوودبەخش جێبەجێ بکرێت .**
- **یاریزان بە کارتی زەرد ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری ناوەرزشی ئەگەر تیپ بە یاریزانی زیادە یاریکرد یان سەرپێچیکرد لە کاری ئاڵوگۆڕین .**
- **پێدانی کارتی سوور بە یاریزانەکە ئەگەر بووە هۆی ڕێگریکردن لە تۆمارکردنی گۆڵێکی مسۆگەر بۆ تیپی بەرامبەر . ژمارەی یاریزانەکان کەم دەکرێنەوە بە ڕەچاوکردنی بەندی ٣ ، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە یاریزانەکە سەرپێچی کردووە لە کاری ئاڵوگۆڕین یاخود بووە هۆی ئەوەی کە تیپەکەی بە یاریزانێکی زیادە یاری بکات .**
- **یاریزانی یەدەک دەبێت یاریگا جێبێڵێت لە دوای ئەوەی کە یاری وەستێنرا ئەگەر پێش ئەوکاتە یاریگای جێنەهێشتبوو – بۆ تەواو کردنی کاری ئاڵوگۆڕین ، ئەگەر سەرپێچییەکە بۆ ئەو هۆکارە بوو یان چوون بۆ ناوچەی هونەری ، ئەگەر تیپ بە یاریزانی زیادە یاری بکات .**
- ئەگەر داوەران یاسای سوودبەخش جێبەجێبکەن :

**- دەبێت داوەران یاری بوەستێنن ئەگەر تۆپ لای تیپی یاریزانی یەدەک بوو ، یاری دەستپێدەکاتەوە بە لێدانی ناڕاستەوخۆ بۆ تیپی بەرامبەر لەو شوێنەی کە تۆپ لە یاری وەستێنرا ، جگە لەوەی کە یاری وەستێنرا کاتێک تۆپ لەناوچەی سزا بوو (سەیری بەدی ١٣ بکە) ؛**

**- وە پاشان تیپی یاریزانی یەدەک سەرپێچییەک بکات کە سزایەکەی لێدانی ناڕاستەوخۆ ، لێدانی ڕاستەوخۆ یان لێدانی سزا بێت ، دەبێت داوەران تیپی یاریزانی یەدەک سزا بدەن بە دەست پێکردنەوە بە یەکێک لە دەستپێکردنەوەکانی یاری بۆ تیپی بەرامبەر . ئەگەر پێویست بکات ئەوا داوەران ڕێگای تر دەگرنە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکە ؛**

**- دواتر یاری دەوەستێنن چونکە یاریزانی تیپی یەدەک سەرپێچییەک دەکەن یان لەبەرئەوەی تۆپ دەچێتە دەرەوەی یاریگا ، دەبێت داوەران دەست بە یارییکەنەوە بە لێدانی ناڕاستەوخۆ بۆ تیپەکەی بەرامبەر . ئەگەر پێویست بکات ئەوا داوەران ڕێگای تر دەگرنە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکە .**

- **ئەگەر یاریزانێکی یەدەک هاتە ناو یاریگاوە لە جێگەی یاریزانێکی سەرەکی لەسەرەتای دەستپێکردنی یاری و داوەران و دەستەی بەڕێوەبەرانی یاری ئاگادارنەکرابونەوە لەو گۆڕانکاریە :**
  - **داوەران ڕێگە بە یاریزانە یەدەگەکە دەدەن بەردەوام بێت لە یاریکردن؛**
  - **هیچ سزایەک لەبەرامبەر یاریزانە یەدەگەکە ناگیرێتە بەر ؛**
  - **داوەر ئاگاداری دەستەی بەڕێوەبەرانی یاری دەکات بە ئەنجامدانی ڕوداوێکی بەڕێکەوت .**
- **ئەگەر یاریزانی یەدەک سەرپێچییەک بکات کە ببێتە هۆی پێدانی کارتی سوور پێش ئەوەی بێتە ناو یاریگا ، ژمارەی یاریزانانی تیپ کەمنابێتەوە و یاریزانێکی تری یەدەک یان ئەو یاریزانەی کە خەریک بوو بگۆردرێت دێتەوە ناو یاریگا .**

## کاری ئاڵوگۆڕین

- یاریزان دەتوانرێت بگۆردرێت لەکاتێک کە تۆپ لە یارییە و کاتێکیش کە یاری دەوەستێت ، جگە لە کاتی وەرگرتنی کاتی وەرگیراو .
- یاریزانێک کە پێویستبێت بگۆردرێت ، پێویست ناکات داوەر ئاگاداربکرێتەوە بۆئەوەی یاریگا جێبهێڵێت .
- داوەر پێویست ناکات ڕێگە بە یاریزان بدات کە بێتە ناو یاریگاوە .
- پێش چوونە ناو یاریگاوە ، یاریزانی یەدەک چاوەڕێی یاریزانی گۆڕاو دەکات تاوەکو یاریگا جێدەهێڵێت .
- یاریزانی گۆڕاو پێویستە یاریگا جێبهێڵێت لە ڕێگەی ناوچەی گۆڕانکاری تیپەکەی خۆی ، جگە لەوەی کە پێشتر لەدەرەوەی یاریگابێت و داوەر ڕێگەی پێدابێت یان لەبەر ئەوهۆکارانەی کە لە بەندی ٣ و ٤ خراونەتە ڕوو .
- ڕێگەدان بە جێبەجێکردنی ئاڵوگۆڕین لەوانەیە ڕەت بکرێتەوە بەهۆی هەندێک هۆکارەوە ، بۆ نموونە: ئەگەر یاریزانی یەدەک کەرەستەی پێویستی نەبێت .
- ئەگەر یاریزان لە رێگەی ناوچەی گۆڕانکاری خۆی هەنگاو نەنێت بۆ ناو یاریگا ، ئەوا ناتوانێت لێدانی لا یاخوود لێدانی گۆشە ... هتد جێبەجێ بکات . هەتاوەکو پرۆسەی گۆرانکاری تەواو نەکات .
- ئەگەر ئەو یاریزانەی کە بەنیازە بگۆردرێت رەتیکردەوە کە یاریگا جێبهێڵێت ئەوا گۆڕانکاری ناتوانرێت ئەنجام بدرێت .
- ئەگەر گۆرانکاری ڕویدا لەماوەی نێوان گێمەکان یان لەپێش هەر ماوەیەکی زیادکراو ، یاریزانی یەدەک پێویستە بچێتە ناو یاریگا لە ڕێگەی ناوچەی ئاڵوگۆڕین دوای ئاگادارکردنەوەی داوەری سێیەم یان داوەری ناو یاریگا ، کاتێک کە داوەری سێیەم نەبوو .

## کەسی زیادە لەناو یاریگا

- **هۆکاری دەرەکی (کەسی دەرەکی)**

هەرکەسێک کە دیاری نەکرابێت لە لیستی یاریزانان پێش دەستپێکی یاریەکە وەکو یاریزان یان وەکو یاریزانی یەدەک یان دەستەی کارگێری و ڕاهێنەران ئەوا بە هۆکارێکی دەرەکی هەژماردەکرێت .

ئەگەر هۆکارێکی دەرەکی هاتە ناو یاریگاوە :

- داوەران دەبێت یاری ڕابگرن ( بەڵام ڕاستەوخۆنا ئەگەر هۆکارە دەرەکیەکە کاریگەری لەسەر یاریەکە نەبوو ) .
- داوەران دەبێت هۆکارە دەرەکیەکە دوور بخەنەوە لە یاریگا .
- ئەگەر داوەران یاریەکەیان وەستاند ، دەبێت دەست بەیاریکردن بکەنەوە بە بەردانەوەی تۆپ لەو شوێنەی کە تۆپ لەیاریکردن تێیدا وەستێنرا ، تەنها ئەگەر یاری لە ناوچەی سزا وەستێنرا ، لەو کاتەدا داوەر تۆپ بەردەداتەوە لەسەر هێڵی سزا لە نزیکترین خاڵی وەستانی تۆپ .

- **کارگێری تیپ**

ئەگەر یەکێک لە دەستەی کارگێڕی تیپ هاتە ناو یاریگاوە :

- داوەران دەبێت یاری ڕاگرن ( ڕاستەوخۆنا ئەگەر کارگێری تیپەکە کاریگەری لەسەر یاریەکە نەبوو یان ئەگەر توانرا یاسای سوودبەخش جێبەجێ بکرێت )
- داوەران دەبێت لای ببەن لە ناو یاریگا و ئەگەر خوڕەوشتی نابەرپرسیاریانەبوو ، ئەوا دەبێت داوەران دوری بخەنەوە لە یاریگا .
- ئەگەر داوەران یاریەکەیان ڕاگرت ، دەبێت دەست بەیاریکردن بکەنەوە بە بەردانەوەی تۆپ لەو شوێنەی کە تۆپ لەیاریکردن وەستێنرا ، تەنها ئەگەر یاری ڕاگیرابێت لە ناوچەی سزا ، لەو کاتەدا داوەر تۆپ بەردەداتەوە لەسەر هێڵی سزا لە نزیکترین خاڵی وەستانی تۆپ .

- **یاریزانی دەرکراو**

ئەگەر یاریزانی دەرکراو هاتە ناو یاریگاوە :

- داوەران دەبێت یاری ڕابگرن ( بەڵام ڕاستەوخۆنا ئەگەر یاریزانە دەرکراوەکە کاریگەری لەسەر یاریەکە نەبوو یان ئەگەر توانرا یاسای سوودبەخش جێبەجێ بکرێت ) .
- داوەران دەبێت دوری بخەنەوە لە یاریگا .
- ئەگەر داوەران یاریەکەیان ڕاگرت ، دەبێت دەست بەیاریکردن بکەنەوە بە بەردانەوەی تۆپ لەو شوێنەی کە تۆپ لەیاریکردن وەستێنرا ، تەنها ئەگەر یاری ڕاگیرابێت لە ناوچەی سزا ، لەو کاتەدا داوەر تۆپ بەردەداتەوە لەسەر هێڵی سزا لە نزیکترین خاڵی وەستانی تۆپ .

- **یاریزانی دەرەوەی یاریگا**

ئەگەر ، دوای ئەوەی داوەر یاریزانی نارده دەرەوە بۆئەوەی کەرەستەی ڕێگە پێنەدراوی ڕاست بکاتەوە یان درێسەکەی بگۆڕێت بەهۆی هەبوونی خوێن لەسەر درێسەکەی یان پێکان یان هەر هۆکارێکی تر ، یاریزان هاتەوە ناو یاریگا بەبێ ئاگاداری داوەر ، ئەوا داوەر دەبێت :

- یاری ڕابگرێت ، ڕاستەوخۆنا ئەگەر بتوانرێت یاسای سوودبەخش جێبەجێ بکرێت .
- یاریزان بەکارتی زەرد ئاگاداربکاتەوە بەهۆی هاتنەناوەوەی بۆناو یاریگا بەبێ ئاگاداری داوەر .
- فەرمان بەسەر یاریزاندا بکات کە یاریگا جێبهێڵێت ئەگەر پێویست بکات ( بۆ نموونە، سەرپێچیکردن لە بەندی ٤ ) .

ئەگەر داوەر یاری ڕابگرێت ، ئەوا دەبێت یاری دەستپێبکاتەوە :

- بە لێدانی ناراستەوخۆ بۆ تیپی بەرامبەر لەشوێنی تۆپ کە یاری تێداڕاگیرا ( سەیری بەندی ١٣ بکە – شوێنی لێدانی ڕاستەوخۆ) ئەگەر هیچ سەرپێچییەکی تر نەبوو .
- بەو پێیەی کە لە بەندی ١٢ دا هاتووە هەروەها ئەگەر یاریزان سەرپێچی لەوبەندەدا بکات .

ئەگەر یاریزان چوبێتە دەرەوەی یاریگا لە ژێرچاودێری داوەر و نەگۆڕابێت و بێتەوە ناو یاریگا بەبێ ئاگاداری داوەر و داوەری سێیەم و دواتر سەرپێچی یاسابکات کە شایانی ئاگادارکردنەوە بێت بە کارتی زەرد ، داوەران ئەو یاریزانە دەکەنە دەرەوە بەهۆی ئەنجامدانی دوو سەرپێچی کە شایانی کارتی زەردن . بۆ نموونە: ئەگەر یاریزان بێتەوە ناو یاریگا بەبێ ڕێگەپێدانی داوەر و داوەری سێیەم و خۆی بە یاریزاندابدات بە شێوەیەکی توندوتیژ . ئەگەر ئەوسەرپێچیە بە ئەنقەست بێت ، یاریزان ڕاستەوخۆ دەردەکرێت .

ئەگەر داوەران یاری ڕابگرن ، دەبێت یاری دەستپێبکەنەوە بەپێی بەندی ١٢ .

ئەگەر یاریزان بەبێ ویستی خۆی لە هێڵەکانی دەرەوەی یاریگا بچێتە دەرەوە یان بچێتە دەرەوەی یاریگا لە کاتی یاریکردندا ئەوا بە سەرپێچی ناژمێردرێت .

## ڕۆیشتنی ڕێگەپێدراو لە یاریگاوە

بەدەر لە گۆڕانکاری ئاسایی ، یاریزان دەتوانێت یاریگا جێبهێڵێت بەبێ ئاگاداری داوەر لەو بارودۆخانەی خوارەوە :

- وەک بەشێک لە جوڵەی ناو یاریگا کە ببێتە هۆی ئەوەی کە یاریزان لەناکاو بێتەوە ناو یاریگا ، لەکاتی یاریکردنی بە تۆپ یان چوونی بۆ شوێنێکی باشتر لەناو یاریگا بە تێپەڕاندنی یاریزانی بەرامبەر . بەڵام ڕێگە بە یاریزان نەدراوە کە یاریگا جێبهێڵێت و پاس بدات لە دواوەی گۆڵ پێشئەوەی بگەڕێتەوە ناو یاریگا بە مەبەستی فێڵکردن لە یاریزانی بەرامبەر ؛ ئەگەر یاریزان

ئەوە بکات ، ئەوا داوەران یاری ڕادەگرن کە نەتوانن یاسای سوودبەخش جێبەجێ بکەن . ئەگەر یاریان ڕاگرت ، دەبێت یاری دەست پێبکەنەوە بە لێدانی ناڕاستەوخۆ لە شوێنی تۆپ کاتێک کە یاری تێیدا وەستێنرا . یاریزان ئاگاداردەکرێتەوە بە کارتی زەرد بۆ جێهێشتنی یاریگا بەبێ ئاگاداری داوەر .

- بەهۆی پێکانەوە . یاریزان پێویستی بە ڕێگەپێدانی یەکێک لە داوەران هەیە بۆئەوەی کە بگەڕێتەوە ناو یاریگا ئەگەر یاریزانەکە ئاڵوگۆڕی پێنەکرا لەگەڵ یاریزانێکی یەدەک . ئەگەر یاریزان بناڵێنێت بەهۆی خوێن بەربوون لە برینی جەستەی ، دەبێت خوێن بەربوونەکە بوەستێت پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ناو یاریگا و دەبێت بپشکنرێت لەلایەن داوەر یان داوەری سێیەم .
- بۆ ڕاستکردنەوە و پۆشینەوەی کەرەستەکانی ، یاریزان پێویستی بە ڕێگەپێدانی یەکێک لە داوەران هەیە بۆئەوەی کە بگەڕێتەوە ناو یاریگا ئەگەر گۆڕانکاری پێنەکرێت ، وە دەبێت یەکێک لە داوەران کەرەستەکانی بپشکنێت پێش ئەوەی یاریزانەکە بگەڕێتەوە ناو یاریگا .

## ڕۆیشتنی ڕێگەپێنەدراو لە یاریگاوە

ئەگەر یاریزان یاریگا جێبهێڵێت بەبێ ئاگاداری داوەر و بۆ هۆکارێک کە ڕێگەی پێنەدرابێت لەلایەن یاساکانی یاری فووتساڵ ، کات گرەوەکە یان داوەری سێیەم زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات بۆئەوەی داوەر ئاگادار ببێتەوە ، ئەگەر یاسای سوودبەخش نەتوانرێت جێبەجێ بکرێت . ئەگەر پێویست بکات یاری ڕابگیرێت ، داوەران سزای تیپی یاریزانەکە دەدەن بە هەژمارکردنی لێدانی ناڕاستەوخۆ بۆ تیپی بەرامبەر . ئەگەر یاسای سوودبەخش جێبەجێکرا ، کات گرەوەکە یان داوەری سێیەم دەبێت زەنگی ئاگادارکردنەوە لێبدەن دوای ئەوەی کە تۆپ لەیاری وەستا . یاریزانەکە ئاگاداردەکرێتەوە بەکارتی زەرد بۆ جێهێشتنی یاریگا بەبێ ئاگاداری داوەر .

## کەمترین ژمارەی یاریزانان

**هەرچەندە یاری لەوانەیە دەستپێنەکرێت کە هەریەک لە تیپەکان کەمتر لە سێ یاریزانی هەبێت ، کەمترین ژمارەی یاریزانان ، بە یاریزانان و یەدەگەکان ، پێویستبوو بۆ یاری دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەندامانی ڕێکخەری پاڵەوانەتیەکە .**

**یاری لەوانەیە بەردەوام نەبێت ئەگەر کەمتر لە سێ یاریزان ئامادەبێت لە هەریەکێک لە تیپەکان . بەڵام ، ئەگەر تیپێک کەمتر لە سێ یاریزانی هەبێت چونکە یەک یان زیاتر لە یاریزانێکی بەئەنقەست یاریگایان جێهێشتبێت ، داوەران ناچارنین کە یاری ڕاگرن لە ناکاو کاتێک کە یاسای سوودبەخش بتوانرێت جێبەجێ بکرێت . لەو بارودۆخانەدا ، داوەران نابێت یاری دەست پێبکەنەوە دوای ئەوەی کە یاری ڕاگیراوە ئەگەر یەکێک لە تیپەکان سێ یاریزانی نەبێت لەناو یاریگا .**

## یاریزانانی پێکاو

ئەگەر یاریزانی پێکاو هەبوو ، داوەران دەبێت ڕەچاوی ئەو ڕێنمایانەی خوارەوە بکەن :

- ڕێگە بە یاریکردن دەدرێت کە بەردەوامبێت تاوەکو تۆپ لە یاریکردن نامێنێت ، ئەگەر بە بۆچوونی داوەرەکان یاریزانەکە تەنها پێکانێکی سووکی هەبێت .
- یاری ڕادەگیرێت کاتێک ، بە بۆچوونی داوەرەکان ، یاریزانەکە پێکانێکی قورسی هەبێت .
- دوای پرسیارکردن لە یاریزانی پێکاو ، داوەران لەوانەیە ڕێگەبدەن بە یەک ، یان زۆرجار دوو پزیشک ، کە بێنە ناو یاریگا بۆ چارەسەرکردنی یاریزانی پێکاو و بردنەدەرەوەی بە سەلامەتی و بە خێرایی لە یاریگا .
- داوەران دەبێت دڵنیاببنەوە کە یاریزانی پێکاو لە یاریگا چۆتە دەرەوە بە سەلامەتی و بە خێرایی .
- یاریزان بۆی نییە لە ناو یاریگا چارەسەر وەرگرێت جگە لە کاتی پێکانێکی زۆر قوورس کە پێویست بکات .
- هەر یاریزانێک کە بریندار بێت و خوێنی لێبێت دەبێت یاریگا جێبهێڵێت و نەگەڕێتەوە ناو یاریگا تاوەکو داوەران تەواو دڵنیانەبن کە خوێنەکەی وەستاوە (داوەری سێیەم یاریزانەکە دەپشکنێت ، بەڵام دەبێت داوەری ناو یاریگا ڕێگەی چوونەوە ناو یاریگای پێبدات ، ئەگەر نەگۆڕدرابێت) . یاریزان بۆی نییە جلوبەرگی خوێناوی لەبەربکات .
- هەر کە نابژیوانان ڕیگەیان دا بە پزیشکەکان کە بێنە ناو یاریگا ، یاریزانەکە دەبێت یاریگا جێبهێڵێت ، بە نەقالە بێت یان بە پێی خۆی . ئەگەر یاریزان بە ئەنقەست خۆی دواخست ئەوا دەبێت ئاگادار بکرێتەوە بە کارتی زەرد بۆ دواخستنی دەستپێکردنەوەی یاری . یاری دەستپێناکرێتەوە تاوەکو یاریزانی ناوبراو یاریگا جێنەهێڵێت .
- یاریزانی پێکراو دەتوانێت یاریگا جێبهێڵێت بەدەرەوەی ناوچەی ئاڵوگۆڕدا ، بەهەرلایەکی یاریگادا بێت (هێڵی گۆڵ و هێڵی تەنیشت) .
- یاریزانی پێکراو دەتوانرێت بگۆڕدرێت ، بەڵام یاریزانی یەدەک دەبێت بە ناوچەی ئاڵوگۆڕدا بێتە ناو یاریگاوە کاتێک کە یاریزانی پێکراو یاریگای جێهێشت .
- ئەگەر یاریزانی پێکراو نەگۆردرێت ، تەنها کاتێک کە یاری دەستی پێکردەوە دەتوانێت بچێتەوە ناو یاریگا .

- ئەگەر یاریزانی پێکراو نەگۆردرێت ، دەتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگا کاتێک کە تۆپ لە یاریدایە ، بەڵام تەنها لە تەنیشتەکانی یاریگاوە . کاتێک کە تۆپ لە یاریدانییە ، دەتوانێت بێتەوە ناو یاریگا بەهەرلایەکی یاریگادا بێت (هێڵی گۆڵ و هێڵی تەنیشت) .
- تەنها داوەرانی ناو یاریگا دەتوانن ڕێگە بە یاریزانی پێکراو بدەن کە بێتەوە ناو یاریگا کە نەگۆڕدرابێت ، تۆپ لە یاریدابێت یان نا . ڕێگەی پێنادرێت کە بێتەوە ناو یاریگا ئەگەر یاریکردن بەرەو ئەوشوێنە بچێت کە لێیەتی .
- داوەرانی ناو یاریگا لەوانەیە ڕێگە بە یاریزانی پێکراو بدەن کە بگەڕێتەوە ناو یاریگا ئەگەر داوەری سێیەم ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەیە .
- ئەگەر یاری ڕانەگیرابێت لەبەر هۆکارێک کە لە یاساکانی یاری فووتساڵدا باسکراوە ، یان یاریزان تووشی پێکانهاتبێت و یاریزانێکی تر سەرپێچی لە یاساکانی یاری فووتساڵدا نەکردبێت بۆ پێکانەکەی ، داوەران دەبێت یاری ڕابگرنو یاری دەستپێبکەنەوە بە بەردانەوەی تۆپ لەشوێنی وەستانی تۆپ کاتێک کە لەیاری وەستا ، کاتێک کە یاری ڕاگیرا لە ناوچەی سزا ، ئەوا یەکیک لە داوەران تۆپ بەردەداتەوە لە هەر هێڵی ناوچەی سزا لە نزیک شوێنی وەستانی تۆپ لە کاتی یاریدا .
- کاتێک کە داوەران بڕیاری پێدانی کارت بدەن بە یاریزانی پێکراو دەبێت کارتەکەی بدەنێ پێش ئەوەی کە یاریزانەکە یاریگا جێبهێڵێت بۆ چارەسەر .
- داوەران نابێت کارت بدەن بە یاریزان لەکاتێکدا کە یاریزان چارەسەر وەردەگرێت ، بەڵام کاتێک کە گەڕایەوە ناو یاریگا دەبێت کارتی بدرێتێ کە پێویست بکات پێش ئەوەی کە یاری دەست بێبکرێتەوە . ئەگەر یاریزان پێویست بکات کە یاریگا جێبهێڵێت بە نەقالە ، داوەر دەتوانن کارتی بدەنێ پێش ئەوەی یاریگا جێبهێڵێت .
- داوەری سێیەم هاوکاری داوەری ناویاریگا دەکات بۆ ڕێگەنەدان بە یاریزان کە زوو بچێتە ناو یاریگا بە مەبەستی جێگرتنەوەی یاریزانی پێکاو .

**بەدەر لەو بەرودۆخانەی سەرەوە دەبێت یاسا جێبەجێبکرێت کاتێک :**

- گۆڵچی تووشی پێکان هات .
- گۆڵچی یان هەر یاریزانێکی تر بەریەکتر بکەون بە ڕێکەوت لەگەڵ یاریزانی بەرامبەر و پێویستی بە چارەسەری خێرا هەبێت .
- یاریزانانی هەمان تیپ بەریەک بکەون و پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەبێت .
- پێکانێکی قورس ڕویدا ، بۆ نموونە : قووتدانی زمان ، زەبرێکی توند بەر سەر بکەوێت ، شکانی پێ ، شکانی قۆڵ یان دەست ... هتد .

## خواردن و خواردنەوە

داوەران ڕێگە بە یاریزانان دەدەن کە بخۆن یان بخۆنەوە لەکاتی تایم ئاوتدا (کاتی وەرگیراو) یان لەکاتی وەستانی یاری ، بەڵام تەنها لە دەرەوەی یاریگا ، بۆئەوەی ناو یاریگا تەڕ نەبێت . قەدەغەیە کە بتڵی ئاو یان هەر شتێک کە شلەمەنی تێدابێت فڕێبدرێتە ناو یاریگا .

## یاریزانی دەرکراو

- ئەگەر یاریزان دووەم سەرپێچی ئەنجامدا کە ببێتە هۆی پێدانی کارتی زەرد بەڵام یاسای سوودبەخش جێبەجێکرا و تیپی هەمان یاریزان گۆڵی لێکرا ، یاریزانی بەرگریکار پێویستە ئاگاداربکرێتەوە بە کارتی زەرد بۆ جاری دووەم بۆ ڕەفتاری ناوەرزشی و دەرکردنی پێش ئەوەی لێدانی سەرەتا جێبەجێبکرێت ، بەڵام ژمارەی یاریزانانی ناو یاریگا کەم ناکرێنەوە لەبەرئەوەی سەرپێچییەکە پێش گۆڵەکە ئەنجامدراوە ؛ یاریزانی یەدەک دەتوانێت شوێنی یاریزانی دەرکراو بگرێتەوە .

- ئەگەر لە ماوەی پشوەکان یان پێش کاتی گێمی زیادکراو ، یاریزان سەرپێچییەکی کرد کە شایانی دەرکردن بێت ، ئەوا تیپەکەی بە یاریزانێکی کەمتر لە گێمی دووەم یان گێمی زیادکراو دەست بە یاری دەکاتەوە .

# بەندی ٤

# کەرەستەی یاریزانان

## کەرەستە بنەڕەتیەکان

**ڕەنگەکان :**

- ئەگەر درێسی دوو گۆڵچییەکان یەک جۆر ڕەنگ بوون و هیچیان درێسی تریان لانەبوو کە بیگۆڕن ، داوەر ڕێگە بە یاریکردن دەدات کە دەست پێبکات .

ئەگەر یاریزان بە ڕێکەوت پێڵاوەکەی لە پێی بێتەوە و لەناکاو یاری بەتۆپ کردو گۆڵی کرد ، ئەوا سەرپێچی نییەو گۆڵەکە هەژمار دەکرێت چونکە یاریزانەکە بە ڕێکەوت پێڵاوەکەی لەپێی بۆتەوە .

## کەرەستەکانی تر

یاریزان بۆی هەیە جگە لە کەرەستە سادەکان کەرەستەی تریش بەکاربهێنێت ، بەکاردەهێنرێن بۆ پارێزگاریکردن لە جەستەیی و هیچ کاریگەرییەکی خراپ ناخاتە سەر خۆی و یاریزانانی تر .

هەمیشە جلوبەرگ و کەرەستەکان دەبێت چاودێری بکرێن لەلایەن داوەران و دڵنیابکرێنەوە کە مەترسیدار نین .

کە کڵاو لە سەر بکرێت دەبێت :

- ڕەش بێت یان لە ڕەنگی سەرەکی درێسی تیپەکەی بێت .
- بپارێزرێت و دیاربێت لەگەڵ کەرەستە بنەڕەتیەکانی یاریزان .
- نەلکێنرێت بە درێسەوە .
- هیچ مەترسیەک دروست نەکات بۆ ئەو یاریزانەی کە دەیپۆشێت و یاریزانەکانی تریش (بۆنموونە: شێوەی کردنەوە و داخستنی لە دەوروبەری مل) .
- هیچ بەشی تری زیادەی نەبێت کە درێژ ببێتەوە لێی .

چاویلکەی وەرزشی ڕێگەپێدراون ئەگەر نەبنە هۆکاری مەترسیدار بۆ یاریزانان .

ئەگەر جلوبەرگێک یان کەرەستەیەک پشکێنرا لە پێش دەستپێکی یاری و ڕێگەی پێدراو وادانرا کە مەترسیدار نییە و دواتر بوو بە مەترسی یان بەکارهێنرا بە شێوەیەکی مەترسیدار لە کاتی یاریدا ، بەکارهێنەرەکەی نابێت چیتر ڕێگەی پێبدرێت کە بەکاری بهێنێت .

بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن لەنێوان یاریزانان یان ستافی کارگێری ڕێگە پێنەدراوە .

## خشڵ و زێڕ

هەموو بابەتێکی خشڵ و زێڕ وەکو (ملوانکە، ئەڵقە، گوارە، بازن، تۆقە و دەستبەندی چەرم ، دەستبەندی لاستیک ، ... هتد) بەشێوەیەکی توند قەدەغەیە و دەبێت لاببرێن لە یاریزانان و یاریزانانی یەدەک پێش دەستپێکی یاری . بەکارهێنانی تێپ بۆ داپۆشینی ئەو کەرەستانەی سەرەوە قبووڵ نەکراوە .

هەروەها داوەران و یاریدەدەری داوەران ڕێگایان پێنادرێت کە خشڵ لەبەربکەن (جگە لە داوەری ناو یاریگا کە ڕێگەی پێدراوە کاتژمێر یان ئامێری هاوشێوە لە دەست بکات بۆ گرتنەوەی کاتی یاریەکە کاتێک کە کاتگرەوە لەوێ نەبێت) .

## ژمارەدان بە یاریزانان

یاساکانی پاڵەوانێتیەکە دەبێت ڕەچاوی ژمارەدان بە یاریزانان بکات ، کە بەگشتی لە ژمارە ١ تا ١٥ ، وە ژمارە ١ بۆ گۆڵچییە .

ڕێکخەرانی پاڵەوانێتیەکە دەبێت ئەوەبزانن کە ئەستەمە بۆ داوەر بتوانێت ئاماژە بۆ ژمارەی گەورەتر لە ١٥ بکات .

ژمارەی هەر یاریزانێک دەبێت دیاربێت لەسەر پشتی و جیابێت لە ڕەنگی سەرەکی درێسەکە . یاسای پاڵەوانێتیەکە دەبێت قەبارەی ژمارە دیاری بکات لەسەر درێس و شۆرت .

## ڕێکارەکانی سزادان

پێشئەوەی یاری دەست پێبکات ، یاریزانانی سەرەکی و یاریزانانی یەدەک دەبێت بپشکنرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ جلوبەرگ و خشڵی ڕێگە پێنەدراویان لەبەر نەکردووە . داوەری سێیەم پشکنینی دووەم دەکات بۆ یاریزانانی یەدەک پێشئەوەی بچنە ناو یاریگاوە . ئەگەر یاریزان دۆزرایەوە کە کەرەستە یان خشڵی ڕێگەپێنەدراوی لەبەرکردووە لەکاتی یاریدا ، داوەران دەبێت :

- یاریزان ئاگاداربکەنەوە کە دەبێت ماددەکە دابنێت .
- ڕێگە بە یاریزان بدرێت یاریگا جێبێڵێت کە یاری وەستا ئەگەر نەیتوانی ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردن .
- یاریزان ئاگاداربکەنەوە بە کارتی زەرد کە بە ئەنقەست ڕەتیکردەوە جێبەجێی بکات ، یان دوای دانانی زانرا کە لەبەریکردۆتەوە دووبارە .

ئەگەر یاری ڕاگیرا بۆ پێدانی کارتی زەرد ، ئەوا لێدانی ڕاستەوخۆ هەژماردەکرێت بۆ تیپی بەرامبەر لەشوێنی وەستانی تۆپ لە یاریدا (سەیری بەندی ١٣ بکە – شوێنی لێدانی ئازاد)

## هێماکان

هێماکانی داوەر و یاریدەدەرانی داوەر

دەبێت داوەران ئەو هێمایانەی خوارەوە نیشان بدەن ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە زۆرێک لە هێماکان پێویستە لەلایەن یەکێک لە داوەران ئاماژەی بۆ بکرێت ، بەڵام هەندێک هێماش هەیە لەلایەن هەردوو داوەرەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت لە هەمان کاتدا .

دەبێت یاریدەدەرانی داوەر هێمای کاتی وەرگیراو و هەڵەی کۆکراوەی پێنجەم نیشان بدەن.

١. ئەو هێمایانەی کە لەلایەن یەکێک لە داوەران بەکاردەهێنرێت



سەرەتا و دەستپێکردنەوەی یاری





لێدانی ڕاستەوخۆ / لێدانی سزا (شێوەی ١) (شێوەی ٢)




لێدانی تەنیشت (شێوەی ١)




(شێوەی ٢)




لێدانی گۆشە (شێوەی ١)




(شێوەی ٢)



لێدانی گۆڵ (شێوەی ١ )



(شێوەی ٢)

# ژماردنی چوار چرکە




هەنگاوی (١)




هەنگاوی (٢)




هەنگاوی (٣)




هەنگاوی (٤)




هەنگاوی (٥)

بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە داوەران بە ڕوونی ژماردنی چوار چرکە نیشان بدات:

لەو کاتانەی کە یاری دەست پێدەکاتەوە :

- لێدانی گۆشە
- لێدانی تەنیشت
- لێدانی گۆڵ
- لێدانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

کاتێک گۆڵچی کۆنترۆڵی تۆپ دەکات لە نیوەی یاریگای خۆی .

داوەران چوار چرکە ناژمێرن لەو بارانەی خوارەوە :

- لێدانی سەرەتا
- لێدانی سزا



یاسای سوودبەخش دوای
هەڵەی لێدانی ناڕاستەوخۆ



یاسای سوودبەخش دوای
هەڵەی لێدانی ڕاستەوخۆ




ناردنه دەرەوە (کارتی سوور)




ئاگادارکردنەوە (کارتی زەرد)

هەڵەی کەڵەکەبوو : پێویستە ئەو هێمایە نیشانی کاتگرەوە یاخود داوەری سێیەم بدرێت دوای ئەوەی یاسای سوودبەخش جێبەجێکرا و تۆپ لە یاری نەما .





هەنگاوی (١)



هەنگاوی (٢)



هەنگاوی (٣) دوو هەڵبژاردە



یاریزانی ژماره (۱)



یاریزانی ژماره (۲)



یاریزانی ژماره (۳)



یاریزانی ژماره (٤)



یاریزانی ژماره (٥)



یاریزانی ژماره (٦)




یاریزانی ژماره (٧)




یاریزانی ژماره (٨)




یاریزانی ژماره (٩)




یاریزانی ژماره (١٠)



یاریزانی ژماره (١١)



یاریزانی ژماره (١٢)



یاریزانی ژماره (١٣)



یاریزانی ژماره (١٤)




یاریزانی ژماره (١٥)